# بەڵام بەیان دڵنیا بێ

**سۆران زەکی**

بەیان جەرگە کونکونەکەم
ئاخر ناکرێ من کار نەکەم
چی بکەم کە بە دەنگی هەپۆ
خەوی خۆش دەشێوێ لە تۆ
رۆڵەم خۆزگە حاڵێت بووایە
رەنج و دەردی دڵی دایە
لە ماڵا تۆ و من و بابەین
لەم دیوە زیاتر شك نابەین
کە نەکارگایە نە ماڵە
چ دەورانێ رەش و تاڵە
ئەوا بابەش کرێکارە
خۆشترین خانووی ئەم شارە
بەدەس بابە و خەڵکی هاوچین
نراونەتە سەرێك چین چین
کەچی کاولاشێ ماڵمانە
ئەمە ژیان و حاڵمانە

هەزار خۆزگە حاڵێت بووایە
رەنج و دەردی دڵی دایە

لە بەیانی تا ئێوارە
ئەوە دایە خەریك کارە
کاری دەپانزە سەعاتی
کاری سەختی کۆنتەراتی
شەویش تا نیوەشەو نانووم
هەم کرێکار هەم کەیبانووم
چاوم کز بوو پشتم شکا
تاروپۆی لەشم هەڵتەکا
مردم لە پای داری قاڵی
دەستی ماندو و زگی خاڵی

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

بەیان بەرخۆڵە جوانەکەم
کۆرپەی بێناز باوانەکەم

بە دەیان فەرشی وەك ئەمە
کەوەك فەرشی ئەبریشەمە
بەرهەمی دەستی دایکی تۆن
بەلاّم بڕوانە ژووری خۆن
بڕوانە ئەم زیلۆ کۆنە
ڕایەخی ماڵەکەی خۆنە
شیری تۆ و شیلەی لەشی من
بەرهەمی کار و بەشی من
بۆ خوداوەندی بەردەگی
بۆ جەهەننەم سازندەگی (۱)
بۆ حاجی ڕەیس ئیدارە
بۆ حەزیای سەرمایەدارە
دە مەگری مەگری بەسیەتی
ڕۆڵەی هەژاریی و برسێتی
لەم جەهەننەمە سووڕەدا
لەم ماڵۆ مەزراو کوورەدا
هەزاران گوڵخونچەی ساوا
برسین ڕوتن وەك تۆ ئاوا
مندالاّنی بێناونیشان (۲)
مندالاّنی نێو قوڵکەکان
ملیونها ژنی ئازادە
لەم دۆزەخەی خانەوادە
ئەسیری دێوی سەرمایەن
چونکە ژنن چونکە دایەن

بەیان خونچە ژاکاوەکەم
بەیان گلێنەی چاوەکەم

کاتێ ساوای ڕەنج و کارم
بەرهەمی ژان و ئازارم
چاو بە دنیا دەکاتەوە

www.kurdistannet.org

**شەوەی شووم دێ و دەبیاتەوە**
**شەوەی سەرمایە و ئیستسمار**
**شەوەی تالانی ڕەنج و کار**

**بەلام بەیان دڵنیا بێ**
**بەیانی دێ و هەروا نابێ**
**ملیۆنها دایکو باوکی تۆ**
**دنیایەك خەڵکی ڕنجەڕۆ**
**ئەرتەشی ئەنتەرناسیۆنال**
**ئەچێتە شەڕی سەرومال**
**بۆ یەکسانی بۆ ڕزگاری**
**بۆ حکوومەتی کرێکاری**

**سۆران زەکی**
**ڕەشەمەی ١٩٨٨**
**ئۆردوگای بەهار / ڕانیە**

**ماڵپەڕ:** http://www.geocities.com/kurdnsina/soranzaki.html

---

**ئەم شیعرە بۆ یەکەمجار لە ٨ ی ڕەشەمەی ١٩٨٨دا بە بۆنەی ساڵیادی ڕۆژی جیهانی ژنەوە لە ڕادیۆی (دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە) بلاو کرایەوە.**

(١) **مەبەست سەرۆکی ئیدارەی (جیهادی سازندەگی) یە**
(٢) **بەیتێکە لە شیعری (منداڵانی نێو قوڵکەکان) ی ئەحمەدی شاملو ، کە ناسر حیسامی کردوویە بە کوردی**

**تێبینی کوردستان نێت:**
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣